# ئەنگلس بۆ ك.كاوتسكی

**لەندەن، لە** 12/**سیپتیمبەر**/1882

**(...)ئێوە پرسیارم لێدەكەن، چۆن كرێكارە ئەنگلیزەكان لە بارەی سیاسەتی كۆلۆنیالی بیردەكەنەوە؟ ئەوانە ئێستا، بەگشتی رێك هەمان بۆچوونیان لە بارەی سیاسەت هەس: هەمان بیركردنەوەی بۆرژوازییەكانە. لێرەدا هیچ حیزبێكی كرێكاری نییە، بەڵكو، وەك دەبینین هیچی تر نییە، جگە لە كۆنزەرفاتیڤەكان، لیبراڵە رادیكاڵەكان و كرێكارەكانیش بە خۆشییەوە لە مێوانداری مۆنۆپۆلی ئەنگلیزدا، بۆ بازاڕی جیهانی و كۆلۆنییەكان، بەشداری دەكەن.**

**بە بۆچوونی من، كۆلۆنییەكان بە تایبەتی، واتە ئەو وەلاٌتانە كە دانیشتوانە ئۆروپییەكان-كەنەدا، كاب و ئوستراليا داگیركردووە، سەربەخۆ دەبن. لە لایەكی ترەوە، وەلاٌتە دەستبەسەرداكراوەكان كە لەدایكبووەكانی خۆی تێدادەژێن–هیند،جەزایەر،و كۆلۆنییەكانی هۆڵەنداو پورتوگال و ئەسپانیا- دەبیٚ بە شێوەیەكی كاتی لە لایەن پرۆلیتاریاوە وەربگیرێت و بەو پەڕی خێراییەوە سەربەخۆییان رابگەیەندرێت....**

**یەك شت هەیە لیّی دڵنیام: پرۆلیتاریای سەركەوتوو، ناتوانیٚ بە زۆر، هیچ جۆرە خۆشبەختییەك بە سەر گەلانی تر بسەپێنێت، بیٚ ئەوەی سەركەوتنەكەی لە گۆڕ بنیٚ. هەڵبەت ئاساییشە، رێگا لە جەنگی بەرگری لە خۆی جۆراوجۆر، ناگیرێت.(...)** *

**Karl Marx/Friedrich Engels: Werke, Bd, 35, 357/358**

***كورتم كردووەتەوە**

**سەلام عەبدوڵلاٌ ئیبراهیم**

# لە ئەنگلسەوە بۆ مارکس

**مانشیستەر، لە 7تشرینی یەکەم1858**

**...مەسەلەکە لە گەڵ جۆنس زۆر قیزەوەنە. لێرە کۆبوونەوەیەکی کردو بە دوورو درێژی بە گوێرەی هێڵی هاوپەیمانی نوێی قسەی کرد. پێدەچێ مرۆڤ پاش ئەم مەسەلەیە، ناچار بێ بگاتە ئەو بڕوایە کە بزووتنەوەی پرۆلیتاری بەریتانی لە شێوە شارتیییە کلاسیکی کۆنەکەی، دەبێ بە تەواوەتی لەناو بچێ، پێش ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی نوێ گەشەبکات و توانای ژیانی ببێ. لە گەڵ ئەوەشدا وا دێتە پێشچاوم کە بزووتنەوەی جۆنسی نوێ، گەر لە گەڵ هەوڵە کۆنە کەم تا زۆر سەرکەوتووکان لە پێناو ئەم جۆرە هاوپەیمانییە، کۆبکرێتەوە، بەکردەوە بەو ڕاستییە بەستراوە کە پرۆلیتاریای ئینگلیزی لە کاتی ئێستادا، کەم تا زۆر بووە بە بۆرژوا. بەشێوەیەك، ئەم نەتەوە لە هەموو نەتەوەکانی تر بۆرژوازیترەو وەك دەردەکەوێ، لە کۆتاییدا مەسەلەکە، ئەو ئامانجەی هەیە، ببێ بە ئۆرستوکراتی وپرۆلیتاریای بۆرژوازی لە پاڵ بۆرژوازییەت. بێگومان ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەکی دیاریکراودا، بیانووی خۆی هەیە بۆ نەتەوەیەك، هەموو جیهان دەچەوسێنێتەوە. لێرەدا، تاقە شت کە دەتوانێت نەختێك یارمەتی بدا، ئەوەیە، چەند ساڵێکی زۆر بەد پێش بێ، بەڵام پێناچێ لەمەودوا بە سانایی پێش بێ، لەوەتی ئاڵتوون دۆزراوەتەوە.[1]**

# ئەنگلس بۆ ا. برنشتاین

**لەندەن، لە1883/2/27**

**...ئێمە بە حاڵیش، ئەندام نین لە حزبی ئەڵمانی، پتر لە ئەندامبوونمان لە حزبی فەرەنسی، ئەمریکی یا رووسی و دەشتوانین بڵێین بە حاڵ بەستراوین بە بەرنامەی ئەڵمانی، هەر بەقەد وابەستبوونمان بە بەرنامەی لانی کەمەوە. ئێمە، وەك نوێنەری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی بایەخ بە بارودۆخی خۆمان دەدەین. ئەمەش، ئەندامبوونمان لە حزبی نەتەوەیەکی تایبەت، قەدەغە**

---

[1] / گۆڕانی جۆنس بۆ سیاسەتی هاریکاری لە گەڵ بۆرژوازی، بوو بە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان خۆی و مارکس. لە یەکی شوبات/1859 مارکس بۆ ویدیمبیر نووسی: پەیوەندیم بە ئێرنست جۆنس پچراند. سەرەڕای ئاگادارکردنەوە یەك لە دوای یەکەکانم و سەرەڕای ئەوەی پێشبینی ئەمەی ئێستا روویدا دەقاودەق، کرد- ئەوەی کە خۆی وێران دەکا و حزبی شارتیییەکان لێکدادەپچڕێنێ- درێژەی دا لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی هەوکاریکردن لەگەڵ بۆرژوا رادیکالەکان. ئێستا پێوێکی موفلیسە و ئەو زیانە کە بە پرۆلیتاریای ئەنگلیز گەیاندی، زیانێکی گەورەیە. ئاساییە ئەم گوناهە راستدەکرێتەوە، بەڵام چرکەیەکی زۆر گونجاو بۆ کردەوە لە کیس چوو. لەشکرێك لەبەر چاوت راگرە، سەرکردەکەی لە رۆژی جەنگ دەچێتە پاڵ دوژمن)).

**دەکات. ئەگەر بۆ ئەڵمانیا گەڕاینەوە، ئەوسا دەتوانین ڕاستەوخۆ لە خەباتی ئەوێ بەشداری بکەین. بەڵام، ئەمە ئێستا هیچ بایەخێکی نییە...**

**... ئێمە هەر لە سەرەتاوە، بەوپەڕی هێزمانەوە خەباتمان کرد لە دژ ڕۆحی بۆرژوای بچووك و دووڕووی لە ناو حیزب، چونکە ئەم ڕوحە کە لە ڕۆژانی جەنگی سی ساڵیدا گەشەی کرد، هەموو چینەکانی لە ئەڵمانیا پیس کردو بوو بە شەڕڕێك وبە میراتی مایەوە، ئەمە برای کویلایەتی و بە ئەژنۆچوونی زەلیلانەی رەعییەت و میراتی هەموو نوقسانییەکانی ئەڵمانیایە. ئەمەیە ئێمەی کردووە بە شوێنی گاڵتەجاڕی و بێزلێهاتنەوە لە دەرەوەو هۆی سەرەکییە بۆ شل و خاوی کارەکتەری باو لە نێوماندا. ئەمە لەسەر تەختی پاشایەتی و لە ناو ماڵی پینەچیدا، باڵادەستە.**

**لەوەتی لە ئەڵمانیا پرۆلیتاریای مۆدێرن پێکهاتووە، بۆ یەکەم جارە چینێك گەشەی سەند، بە حاڵێ لەو میراتگەرییە هیچی بەرکەوتووەو خاوەن تێڕوانینی ئازاد، وزە، روح سووکی و لەخەباتدا سەرسەختە. ئایا ئەوە ئەرکی ئێمە نییە، لە دژی هەر هەوڵێکدا خەبات بکەین، بییەوێ ئەم چینە ساغە-تاقە چینی ساخ لە ئەڵمانیا- بە شێوەیەکی دەسکرد ژاری بە میراتماو تێ بئاخێنن بۆ بۆزبوون و تەسکبینی خوردە بۆرژوازییانە؟ بەڵام ڕابەرەکان، پاش شاڵاوەکە[2]و یاسای ڕاستەوخۆی دژی سۆسیالیستەکان، ترسێکی لە ڕادەبەدەریان پیشانداو سەڵماندیان کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە نێو دووڕووەکان ژیاون و لە ژێر فشاری کاتێکردنەکانیاندان.**

**حیزب، دەبوایە هەر ئەو کاتە وەك ڕێکخراوێکی خوردە بۆرژوازی دەربکەێت گەر چی بەڕاستی و بە کردەوە نەببوو بە خوردە بۆرژوازی. ئەو کات بەخت یارمان بوو، توانیمان بە سەر هەموو ئەو مەسەلانە سەربکەوین، کەچی کەسە خوردە بۆرژواکان کە ماوەیەکی کورت پێشی یاسا دژ بە سۆسیالیستەکان هاتنە ریزی حیزبەوە، بە تایبەتی دەرچووی ئینستیتوت ودەرەنەچووەکانی تاقیکردنەوەکان، لە ریزەکانمانن و دەبێ بە وریاییەوە چاودێریان بکەین...**

**مارکس/ فریدرك ئەنگلس**

**جلدی** 35، **لاپەڕەی** 442-445

**تێبینی: ئەم نامەیە دورو درێژترە، بەداخەوە، دکتۆر فوئاد ئەیوب وەرگێڕی(مراسلات مارکس انجلز) کە لە**(دار دمشق للطباعة و النشر)**بڵاوکراوەتەوە، دەبوایە وەك دەسپاکی زانستی،لەو شوێنانەی نامەکانی کورت کردووە یا بە پێویستی نەزانیوە بۆ وەرگێڕان، هێمای بۆ بکردبا. کتێبی ناوبراو لە ساڵی** 1955 **لە مۆسکۆ بە زمانی ئەنگلیزی بڵاوکراوەتەوە.**

[2]/ لە 1878/5/11، کارل ئیدوارد نۆبلینگ هەوڵی کوشتنی ڤیلهێلمی یەکەمی دا. بیسمارك ئەم هەوڵەی قۆزتەوەو وەك بیانوویەك بەکاریهێنا بۆ ئەوەی پەرلەمان یاسای دژ بە سۆسیالیستەکان قبووڵ بکەن.

# له ئەنگلسەوە بۆ ا.برنشتاین

له 1883/1/18

...ئێمە خۆشحالبووین له بارەی وەلامەکانی گریللنبرجر و سۆسیال دیموکرات کە لە پەرچدانەوەی درۆدەلەسەکانی بوتکامەر[3] پێشکەشکرد. دەبێ مەسەلەکان ئاوەها دروست بکرێن، نەك پێچدانەوەو سەردانەواندن لە ژێر لێدانەکانی بەرامبەر، نەك بێزاری پیشاندن، گڕوزاندن و تەتەڵەکردنی زمان بە بیانووهێنانەوە کە مەبەستەکە بەدکاری نەبووە-وەك زۆر کەس بەمە هەڵدەستن، کاتی دوو بەرابەر وەلامیان دەدرێتەوە. تۆ دەبێ بەمە هەستی، دوو یا سێ بەرامبەر دەستبووەشێنی لە بەرامبەر دەستوەشانێك دوژمن ئارەستەت بکات. هەمیشە ئەمە تاکتیکی ئێمە بوو، و بە بڕوای من تا ئێستا لە وانەیە بەسەر هەر یەك لە دوژمنەکانمان سەرکەوتین. فریتسی پیرەمێرد لە هەندێ لە ڕێنماییەکانی بۆ جەنەڕاڵەکانی وتی:((وبە کورتی، بلیمەتی سەربازەکانمان لە هێرشبرنەکانیان دەردەکەویت، ئەمەیش مەسەلەیەکی زۆر باشە)). ئەمەش ئەو شێوەیەیە کە کرێکارەکانمان لە ئەلمانیا پێی هەڵدەستن. بەلام بۆ نموونە، ئەگەر قەیسەر لە کاتێ گفتوگۆ لە سەر یاسا تایبەتەکان-گریمان ئەو برگە وەرگێڕاوە، درووستە[4] -با بڵێن ئێمە تەنها بە مانا بکوییەکەی شۆڕشگێڕین، ئەدی چ بکەین؟ من پێتان دەڵێم، دەبوایە چ بگوترایا: هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە بۆنەی شۆڕشەوە لەوێ دانیشتوون و کاتێ ولییەمی پیرەمێردیش کە سێ تاج و شارێکی ئازاد، قووتدا، شۆڕشگێر بوو. هەموو شەرعییەت کە ناوی لێدەنێن بنچینەی هەق، تەنها بەرهەمی شۆرشگەلێکی بێ ژمارەن لە دژ ئیرادەی گەل بەرپاکراو لە دژی گەل ئاراستە دەکرا.

ئێمە کەی لەو بۆزی ئەلمانییە مەلعونە لە هزر و ئیرادەدا کە بە ماندووبوونێکی گەورەوە، شان بە شانی... بۆ ناو حیزب هێنرا، ڕزگارمان دەبێ.

---

1/ ئەنگلس هێما بۆ بۆ ئەو ووتارە دەکا کە نوێنەر* سۆسیال دیموکرات لە پەرلەمان خوێندییەوە و ئەو وتارانە کە سۆسیال دیموکرات بلاوکرایەوە لە بارە* گفتوگۆ لە سەر یاسا تایبەتییەکان لە دژ* سۆسیالیستەکان.

[4]/ لە لایەن فیریکەوە.

# مارکس بۆ ف. لاسال

لەندەن،لە 1861/1/16

...کتێبەکەی داروین زۆر بایەخدارەو وەك بنەمایەکی سرووشتی لە پێناو ناکۆکی چینەکان لە مێژوودا، خزمەتم دەکات. هەڵبەت مرۆڤ دەبێ بە شێوەی ئینگلیزی وشك، پشووی هەبێ لە شرۆڤاندن. سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی، لەم کتێبە تەنها مشت لێدانە توندەکە، بۆ یەکەم جار بەڕووی((غائیی))یەت لە زانستی سرووشتی، نەوەشاندووە، بەڵکو واتا عەقڵانییەکەیشی بە شێوەیەکی ئەزموونگەری راڤە کردووە...